# وەڵامی ڕونکردنەوەیەك

**بۆ بەڕێزان:**

- **مەکتەبی سیاسی حزب و لایەنە کوردستانیەکان.**
- **مەکتەبی سیاسی حزب و لایەنە عیراقیەکان.**
- **ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.**
- **کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.**
- **ڕای گشتی خەڵکی کوردستان.**

له ٢٠٠٩/٥/١٣ ئەو جەماعەتەی کە لەحزب جیابونەتەوە نامەیەکیان ئاراستەی بەڕێزتان کردوە کە دوای ئەوەی قەوانە کۆنەکەیان لێداوەتەوە بە قسەی ئەوان مافی ئەوەمان نیە بەناوی حزبی زەحمەتکێشان بەشداریمان لە لیستی (٤) حزبە کوردستانیەکەدا کردوە ،دیارە پێشتریش لەچەند بلاْوکراوەیەکدا ئەو ڕاستیەمان ڕوون کردۆتەوەو ئەوا ئێستا جارێکی تریش له وەڵامی ئەو ڕونکردنەوەیەی ئەوان بۆ بەڕێزتان ئاماژەی پێدەکەینەوە ، کە حزبی ئێمە لە ٢٠٠٨/٩/١١ بە ئیمزای ئەو جەماعەتە خۆشیان بڕیاری بەستنی (٦) مین کۆنگرەیدا ، بۆئەوەی ئەگەر کێشەیەك هەبێ لە چوارچێوەی نیزامی و ئوسوڵی خۆی کە کۆنگرەیە چارەسەر بکرێت ، بەلاْم بەداخەوە ئەو جەماعەتە لەسەر کۆنگرە نەوەستان و لە هەڵوێستێکی چاوەروان نەکرا و بە شێوەیەکی نایاسایی و بە شێوەی کودەتا ئاسا جیابونەوەی خۆیان لە حزبدا ڕاگەیاند و بۆ ئەمەش وەك هەموو لایەکتان دەیزانن هەرزوو لە جیاتی حکومەت و دەسەلاْت لەو کێشەیەدا بێلایەن بن کەچی زۆر بە گەرمی هەموو جۆرە پێشوازی و پشتیوانیەکیان لێکردن و هەرزوو لە پشتی یاساو تەنانەت وەزارەتی دارایش بوددجەکە درا بەوان و دەرگای دیداری ڕەسمی ڕاگەیاندنەکانیان بۆ خستنە سەر پشت و لە بەرامبەر کۆنگرەی (٦)ی حزبیش هەر دوای چەند ڕۆژێك کۆنگرەیەکی قەڵەباڵغیان بۆ سازکردون و نوێنەرایەتی هەردوو حزبیش لە کۆنگرەکەدا ڕایانگەیاند کە هەر ئەوان زەحمەتکێشانی شەرعین و ئەوان ئێستە گەڕاونەتەوە سەر رێگای ڕاست،وەك ئەوەی ڕێگەی ڕاست تەنها لای ئەوان بێ و دورکەوتنەوە لەوان و ڕەخنەگرتن و داواکردن بۆ گۆڕان و چاکسازی لە بارودۆخی کوردستان تاوانێك بێت کە پێشتر زەحمەتکێشان ئەنجامی دابێ.

دیارە ئەو جەماعەتە کە لەسەر بەستنی کۆنگرەی (٦) نەوەستان و وەك کەمینەیەك لە حزب جیابونەوە بە قسەی خۆیان کۆمەڵێك بڕیاریان دا کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ پەیرەوی نێوخۆی حزبدا نەدەگونجا و بۆ ئێمەش بەهایەکی تەنزیمی و یاسایی و شەرعیان نەبوو،دواتر کە لە کۆنگرەشدا بەژداریان نەکرد بە پێی پەیرەوی نێوخۆ ئەوان لە دەرەوەی حزب مانەوە و هیچ پەیوەندیەکیان بە حزبەوە نەما تا بچن کۆنگرە بە ناوی حزبەوە ببەستن و ئێستاش باسی شەرعیەت لەگەڵ ئێمە و خەڵکانی تردا بکەن .

سەبارەت بە قەوارە سیاسیەکەش کە سەرەتا موصادەقەکەی لە لایەن کۆمسیۆنی بالاّ بۆ ئێمە گەرایەوە بەلاّم دواتر بە هۆی دەستێوەردانێکی دەسەلاّت کە پێشتر ئاگادار بووین کۆمسیۆن کە زیاتر نوێنەری حزبەکانە دراوە بەوان،ئەوەبوو ئێمە دواتر ناچاربووین گۆرانێك لە ناوی قەوارەکەدا بکەین و ئەوجارەیان کۆمسیۆن بە ناوی (حزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ) مصادەقەکەمان بۆ بکات ، بەلاّم لەگەلّ ئەمەشدا بۆ ئەوەی ئەو جەماعەتە کێشە بۆ لیستی چوار حزبەکە دروست نەکەن ئەوە بوو بە قەوارەیەکی تر بە ناوی (ئایندە) بەشداریمان لە لیستی چوار حزبەکەدا کرد دیارە بەشداری ئێمەش لە لیستی چوار حزبەکە هەر بە ناوی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە چونکە ناوی قەوارە سیاسیەکە پەیوەندیەکی بە ناوی حزبەکەوە نیە ، هەروەك کتابی وەزارەتی ناوخۆش کە وەك دەستێوەردانێك بە قازانجی ئەوان دەرچوە ئێستا ئەوان وەك شانامەیەك بە ناو خەلّکیدا دەگێرن لە کاتێکدا ئەم هەلّوێستەی وەزارەتی ناوخۆ هیچ کاریگەریەکی یاسایی لەسەر ناوی حزبەکەی ئێمەوە نیە ، چونکە وەزارەتی ناوخۆ لە جیاتی ئەمە دەیتوانی داوا لە هەردوو لامان بکات کە کێشەی ناوەکەمان بە دادگا یەکلایی بکەینەوە ، ئێستەش دەبیّ هەروابیّ هەرچەندە دادگاش لە کوردستان لە ژێر کاریگەری و دەستێوەردانی حزبی دایە بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا چار نیە هەر دەبیّ ئەو کێشەیە لە رێگەی دادگاوە بێت،دیارە لە سەردانمان بۆ بەغدا بۆ لای سەرۆك مام جەلال و لە سەردانی سەرکردەی چوار حزبەکەش لەمرۆژانەدا هەر بۆ لای سەرۆك مام جەلال و مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستاندا،لە هەردوو سەردانەکەدا سەرۆك مام جەلال هەر ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە کێشەی ناوەکە بە دادگا یەکلایی بکەینەوە ، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئەو جەماعەتە ئەوەندە لەسەر مەسەلەی ناوەکە برۆن و رۆژانە یەخەی لایەنەسیاسیەکان و کەنالّەکانی راگەیاندن بگرن کە هەر ئەوان زەحمەتکێشانن و نابیّ مامەلّەی زەحمەتکێشان لەگەلّ ئێمەدا بکرێت ، چونکە میدیا و کۆمەلاّنی خەلّکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان باش دەزانن کە شەرعیەت و مێژوی حزبی زەحمەتکێشان لای کێیە و دەشزانن کە ئەو جەماعەتە چۆن و بە چ مەبەستێك وەك جەماعەتەکانی پێشوو پێش هەلّبژاردن بۆ لاوازکردنی رۆلّی زەحمەتکێشانی کوردستان و تێکدانی پرۆژەی (٤) حزبە کوردستانیەکە لە زەحمەتکێشان جیاکراونەتەوە .

لەگەلّ ریزدا

مەکتەبی سیاسی
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٢٠٠٩/٥/١٥
سلێمانی